هەر کەسێک خوازیاری کڕینی خانوو شوقە یاخود زەوییە قەرزی پێدرێت

ئەمڕۆ چوارشەممە 31ـی تەممووزی 2024 بانکی هێشید رایگەیاند، "هەر کەسێک خوازیاری کڕینی خانوو، شوقە، یاخود زەوییە دەتوانێت قەرزێک بەبڕی 200 ملیۆن دینار لە بانکەکە وەربگرێت".

ئاماژەی بۆکرد، "قەرزەکە بە دوو بەش و بە دوو قۆناغ دەدرێتە هاووڵاتیان، بەشی یەکەمی قەرزەکە لە دوای تەمارکردنی ناوی هاووڵاتیەکەیە لە تەماری خانووبەرە و لە دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی کڕینی خانوو یان یەکەی نیشتەجێبوونەکە بەشەکەی دیکەی قەرزەکە دەدرێتە هاووڵاتیەکە".

وەک بانکەکە ڕوونیکردووەتەوە، "هاووڵاتیان دەتوانن لە لقەکانی بانکەکە لە بەغدا و ناوچەکانی دیکە مامەڵەی وەرگرتنی قەرزەکە بکەن".